# ستایلی جلوبەرگی ڕەنگ شین

ڕەنگەکان لە گشت کەرەستە و جلوبەرگ و ستایلەکاندا گرنگی و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، ئەمە وادەکات کە شێوەی بابەتەکان گۆڕانکاری و ستایلی تازەیان بەسەردا بێ، لەم ڕوانگەوە دەکرێ سوود لە ڕەنگەکان وەربگرین بە گشت مۆدەکانەوە، هەر ڕەنگێك جۆرە جوانی و شێوازێك لەخۆ دەگرێ، بە تایبەت کاتێك جلەکان لە جۆرە شێوەیەك دەبێ، کە جیاکاری لەگەڵ شێوازەکانی دیکە تەنیا لە ڕەنگەکانییەوە دەردەکەوێ، یەکێك لەو ڕەنگە جوانانەی کە لە ستایل و مۆدەکانی جلوبەرگدا سوودیان لێ وەردەگیرێ، ڕەنگی (شین)ە، ڕەنگی شین جوانییەکی هێمن و لەسەرخۆی هەیە کە دەبێتە شێوازە ڕەنگێك کاریگەری جوانی هەبێ لەسەر چاوەکان، بۆیە دەستە جل و ستایلەکان لە ڕەنگی شین ئامادەکراون، کە متمانەو جوانییەکی سادە و درەوشاوە دەبەخشێ، لەم ڕێگەیەدا سوود لە جوانی ڕەنگی شین وەردەگرین و بەتایبەتی کاتێك جلەکان بە گشت جۆرێکەوە بەو ڕەنگە هێمنە ستایلی لەسەر دەنخشێت.















# پووت مۆدەی داهات

بەرەو وەرزی سەرما ڕێگە دەگرین و ئەمەش وادەکات بەسەر گشت جۆرە مۆدە و کەرەستەکانی پۆشاك و کەلوپەلی ماڵەوە بچینەوە و مۆدەی تازە هەڵبژێرین بۆ ئەو سەردەمە، چونکە پێویستیمان بە مۆدە و ستایلی تازە هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو وەرزەدا خۆمان بگونجێنین، یەکێك لە گرنگترین ئەو کەرەستانەی کە پێویستە و جوانی زیاتر دەبێ کاتێك لە گۆڕانکارییەکاندا بەسەرەتای کارەکان دێ، ئەویش گۆڕینی پێڵاوەکانە کە لە وەرزی زستان

# ملوانکە باوەکان بۆ بۆ گەردانی کیژان





**ئێکسسواراتی جوجو- هەولێر**

ئێکسسوارەکان بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێن بە بەدیهێنانی جوانییەکی ڕەها لە مۆدە و کارە جوانکارییەکاندا، ئەمەش کاتێك ئێکسسوارەکان بە جوانی و شێوازە ناسکەکانیانەوە دەدرەوشێنەوە، بەگشتی کاریگەری خۆیان دەنوێنن، لەم شێوازەشدا جوانی ئێکسسوارەکان کارێکی تازەیە لەسەر جوانی خانمان و جلەکانیان، لە کوردستانیش خانمان گرنگی بە ئێکسسوارەکان دەدەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ مۆدەی تازە هەنگاو دەنێن، بە گوێرەی ئەو مۆدە تازە و ئەو شێوازانەی مانای جوانی و مۆرکی کوردانەی پێوە دیارە، یان لە شێوە کوردییەکانەوە نزیکن، ئەمەش وادەکات کە کچانی کورد ڕووی تێبکەن و دیمەنێکی ڕازاوەش بە جەستە و لەش و لاریان بدات، چەند ملوانکەیەك کە مۆدەیەکی باویان هەیە لە کوردستان و کچان لە ملی دەخەن، دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ملوانکە، کە شێوازێکی گەورە و بەنەخشی پێوە دیارە و دەکرێ لەگەڵ وەرزی پاییز و زستاندا لەسەر بەدی و بلووز بپۆشرێن.



# ـــــووی وەرزی زستان

شـــێوەیەکی تازە دەنوێنێ و مۆدەیەکی تازەی پێویســـتە، بۆ وەرزی زســـتان جوانترین و سەرنجڕاکێشـــترین مۆدەکان بریتییە لە پووتی درێژ، شـــێوازێکی ناسك دەبەخشێ، لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەپۆشرێ، لەم ڕوانگەوە دیمەنی جوانی جلەکان دەگۆڕێ و لەســـەر ئەو شـــێوازە تازەیـــە هەنگاو دەنێ، ئەو جـــۆرە مۆدەیەش کارێکی ئەوتۆی هەیە لەســـەر پێدانی دیمەنێکی ڕازاوە بە جلەکان.

# تەسریحەیەکی جوان بۆ خانمان لە شوێنی کار و خوێندن

ئـــەو خانمانەی کە خەریکی خوێندن و دەوامکردنن، هەردەم پێویســـتیان بە گرنگیدان جوانی و جلوبەرگ و کەرەســـتەکانی خۆیان دەبێ، ئەمەش کات و ماندوبوونێکی زۆری دەوێ، لە هاوشانی هەنگاوەکان بە گرنگی دان بە قژەوە کە پێویســـتە گشت خانمێك ماوەیەکی زۆر بە تەسریحەی قژیەوە بێ، لێرەدا بە وێنە و هەنگاوەکانی جوانترین تەسریحەمان بۆ ئامادەکردوون تاوەکو بە ئاسانی و ڕێگەیەکی ســـادەوە قژەکانتان تەســـریحە بکەن بەر لەوەی بچن بۆ شوێنی خوێندن یان شوێنی کار، کە ئەوەش هەنگاوەکانی یەك لە دوای یەکترەوەدێت و لە ئەنجامیشدا دیمەنێکی ڕازاوە و جوان دەردەچێ.






# مۆدەی ئێکسسواری بازنگی سادە

ئێکسسوار وەك کەرەستەیەکی جوان و ڕازاوە هەردەم کاری ناسکی لەسەر دەکرێ، کـــە پێوەندییان بە تازەیی ئەو مۆدەیـــەوە دەبێ کاتێك لەگەڵ ئەو دەستە جلەدا دەپۆشرێن، ئەمەش وادەکات ببێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکان بە شـــێوەیەکی وا بتوانرێ سوودێکی تایبەتی هەبێ لەو کاتەدا دەپۆشرێ، سەبارەت بە چەندین جۆری ئێکسسوارەکان، هەر یەکە شایستەی جوانییەکی کراوەی بۆخۆی هەیە، ئەگەرچی زیاتر پسپۆڕانی بواری جوانکاری تیشك دەخەنە ســـەر ئێکسسوارە باریك و بچووکەکان، کاریگەری جوانیان زیاترە لە جۆرەکانی دیکە، کەچی هەندێك لە ئێکسسوارەکان دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیان هەیە، لە کاتێکدا گشـــت جۆرەکان دەبنە ڕێگەیەك بۆ ڕاکێشانی لایەنێکی جەســـتە بەرەو ئێکسسوارەکە زیاتر نەوەك لە شـــوێنی دیکەوە، ئێکسسواری بازنگی شـــێوە گەورە، یان ئەوەی بە باریکی و ناســـکی کاری دیزاینی بۆ کـــراوە، هەنگاوێکە بۆ پەرەپێدانی جوانیت تا دەســـت و بازنگێکی ڕازاوە و شایستەت هەبێ.



# جلوبەرگێک لە شیکۆڵاتە!

دوای دەرچوونی بە شاجوانی وڵاتی فەڕەنسا، دواتر کە بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانانی گەردوون کرد و نازناوەکەی بەدەست نەهێنا، بۆیە ڕووی کردە کاری ڕێکلام و ئەنجامدانی کاری تازە کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك دەبێ، لە تازەترین کارەکانیدا (سیندی فابر) توانی جلێکی تایبەت بپۆشێ بۆ ڕیکلام کردن کە گشت جلەکە لە شیکۆڵاتە دروست کرابوو، ئەمەش دەبێتە یەکێك لەو کارە سەیرانەی کە جێگەی نیگەرانی زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەی لێکەوتەوە، لەوەی چۆن دەکرێ شیکۆڵاتە ئەو خواردنە گرنگ و بەنرخە بکرێ بە جلوبەرگ و ئەو شاجوانەش بیپۆشێ.



# وێنەیەکی دێرینی شاری سلێمانی



وێنەکان مێژوو تۆمار دەکەن، هەرچەندە وێنەکە کۆن بن، بە چرکەیەك بیرەوەرییەکان دەگەڕێنێتەوە، کە چەندین دیمەنی جوان و ڕازاوەش دەبەخشێ، وێنە دێرینەکان شێوەیەکی جوان و گرنگی هەیە، ئەو وێنەیەش بریتییە لە وێنەیەکی شاری سلێمانی کە لە ساڵی (١٩١٣) گیراوە، لە وێنەکەدا هەندێك لە ئافرەتان خەریکی شت فرۆشتنن و لەولاشەوە هەندێك دوکان هەن کە کەرەستەی خواردن و کەلوپەلی جووت و کارکردن دەفرۆشن، ئەوەی سەیرە لەو وێنە دێرینەدا کە زیاتر وڵاغ و گوێدرێژ بەرچاو دەکەوێ و خەڵکەکە بە جلی کوردییەوە هاتوچۆ دەکەن و ئەمەش مێژوویەکە بۆ گەلی کورد.



# منداڵێکی نیوە جەستە

ژیان بۆ گشت مرۆڤێك یەکسان نییە و بۆ هەر کەسێك بە شێوازێکە، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە هەر یەکە بە شێوازێك بیری لێدەکاتەوە، ئەو منداڵەی دەیبینن لەگەڵ ئەوەی بەنیو جەستەوە دەژی، بەڵام هیوای بە ژیان ماوە و حەز دەکات وەك هەر مرۆڤێك بە دڵێکی خۆشەوە بژی، ئەو منداڵە ناوی (لیۆهان)ە و لە وڵاتی فلیپین دەژی، لە نیوەی جەستەی بە خوارەوە لە دست داوە و ئیتر بە تۆپێکی باسکەوە داپۆشیوە، ئەوەی جێگەی سەیرە بە دەستەکانی دەڕوات و دڵیشی بە ژیان خۆشە وەك هەر مرۆڤێك کە چاوەڕوانی داهاتووی دەکات.



## لەمیس تەوقە لەگەڵ کەس ناکات

خانمە ئەکتەری تورکی (توبا بایکستۆن) ناوبانگێکی گەورەی هەیە و لە کوردستان بە (لەمیس) ناسراوە، ئەو خاتوونە سەرەڕای ئەوەی ئەکتەرێکی تورکییە و لە هەمان کاتیشدا جوانییەکی سەرسامکاری هەیە، دوای شووکردنی لە کاری نواندن دوورکەوتۆتەوە، ئەویش بەهۆی سکپڕییەوە، ئێستاش سکەکەی (٤) مانگە و لە ئێستاوە پێشبینی کراوە کە دووانە بێ، بۆیە لەمیس خان خۆی لە خەڵك بە دوور دەگرێ و تەوقەش لەگەڵ کەس ناکات.





## هەیفا وەهبی بە کچێنی!

کچە گۆرانیبێژ و خانمە ئەکتەرەکانی جیهان لە پێشوودا لە شێوەی ڕووخساریاندا جیاوازییان هەبووە لەگەڵ ئێستایاندا، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر شێوەیاندا هاتووە لەڕێگەی نەشتەرگەری جوانکاری، تەنانەت هەندێکیان لە پێشوو و ئێستا جیاوازیان زۆرە و هەندێك جاریش ناناسرێنەوە، ئەو وێنەیەی دەیبینن وێنەی گۆرانیبێژی لوبنانی (هەیفا وەهبی)یە، کە بەر لەوەی ببێتە گۆرانیبێژ، شاجوان بووە، کرد لە پێشبڕکێی شاجوانانی باشووری لوبنان لە ساڵی (١٩٩٥) بەشداری کردووە، هەر خۆی نازناوەکەی بەدەست هێنا، بەڵام سەیری وێنەکە بکەن و بزانن چۆنە و ئێستاش چۆنە کە دایکەو کچێکی بە شوودراویشی هەیە!



## هیلاری کلینتۆن (واو)!

لەم وێنەیەدا خانمە وەزیری دەرەوەی وڵاتی ئەمریکا (هیلاری کلینتۆن) وتویەتی (واو) کە ئەو وشەیەش لە زمانی ئینگلیزی بەمانای سەرنجڕاکێشی و شتێکی سەیر دێ، وتنی ئەو (واو) ە لەوکاتە دێ کە لەلایەن سکرتێرەکەیەوە وێنە ڤیدیۆیەکی تازەی کوشتنی سەرۆکی لیبیای نیشان دەدرێ کە بۆ یەکەم جار هەواڵەکە گەیشتە لای ئەو خاتوونە، ئەویش کاتێك کوشتنی قەزافی دەبینێ، پڕ بە دەمی دەڵێ (واو).

## کریستیانۆ لە تەمەنی منداڵی!

بێگومان ئەستێرە بەناوبانگەکانی جیهان لە بواری هونەر و تۆپی پێ و سیاسەتمەداران، کە لە پێشوودا شێوەیان چۆن بووە، یان لە تەمەنی منداڵیەوە شێوەیان چۆن بووە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتورگاڵی و ئەستێرەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، لەگەڵ ئەوەی ناوبانگێکی جیهانی هەیە و لە سەرتاپای جیهان هەوادارانی هەیە، لەم وێنەیەدا کە بە تەمەنی (١٣) ساڵیەوە گرتوویەتی، شێوەیەکی منداڵانەی هەیە و زۆر لە شێوەی ئێستای جیاوازترە و کێ دەیزانێ دەبێتە ئەو یاریزانەی ئەمڕۆ، کە بە (CV) ناسراوە.





## نوکتە

-یەکێك خۆی ئەکا بە چێشـــتخانەیەکا. شاگردەکە دێت و پێی ئەڵـــێ: فەرموو مامە گیان چ ئەخۆی؟ ئەویش دەڵێ: وەڵا دوو شـــیش جگەرم بۆ دانێ، بەڵام توخوا با خەفەتی زۆر نەخواردبێ و نەسووتابێ

* * *

لە یەکێك دەپرســـن: باوەڕت بـــەوە هەیـــە ٢٠١٢ دنیا کۆتایی دێت؟ ئەویش ئەڵێ: نەوەڵا، چونکە شـــامپۆیەکم کڕیوە بەرواری بەسەرچوونەکەی ٢٠١٥ یە.



## ددانە گەورەکانی منداڵێک

دیمەنێکی جوان و سەیرە کاتێك ئەو منداڵێك بە کۆمەڵە ددانێکەوە دەبینین، بەڵام ئەوەش دەبێتە شـــتێکی سەیر کە چۆن ئەو منداڵە ئـــەو کۆمەڵە ددانەی هەیە، ئەمـــەش یەکێکە لە کارە جوانەکان، ئەمە ددان نییە و شێوەی (مەمە)کەی دەمی منداڵەکەیە کە بەم شێوەیە دروستکراوە.

## جیاوازی دڵی کچ و دڵی کوڕ

دڵی کچ: وەک قەبرســـتان وایە هەرکە پێت خستە ناوی ئیتر هاتنە دەرەوەت مەحاڵە.


دڵی کوڕ: وەک هۆتێلی پێنج ئەســـتێرە وایە کەس نازانێت کێ دەڕوات و کێ دێت.

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبـــدە ئەو پیتانەی نـــاو بازنەکان ڕێکبخەی بـــۆ ئەوەی ناوی هونەرمەندێکی کۆمێدی کوردت بۆ دەربچێ.

ە م ۆ ح ك

وەڵامی ژمارەی پێشوو (سەفین)



### ئاســـۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە، خاوەن وێنەکە.
٢- شاعیرێکی کوردبوو.
٣- وەکویەك- دراوی ئەورووپا.
٤- کانی (ت)- چیرۆکی درێژ (پ).
٥- بوی- پێنج پیتی ئەدیداس.
٦- ئاژاوە.
٧- مارکەیەکی ئەلکترۆنیە (پ)- ڕێگان (ت).
٨- ڕۆمانێکی بەناوبانگە- هار- کامە (پ).
٩- کچە ئەکتەرێکی کوردە (پ)- شارێکی عێراقە.
١٠- پرس- شاعیرێکی کوردبوو- بردی (پ).
١١- یاریزانێکی ئینگلیزی بوو.
١٢- توخمێکی کیمیاوییە (پ)- کچە گۆرانیبێژێکی کۆچکردووە.

### ســـتوونی:

١- سەرۆکی نەمساو دۆستی دێرینی گەلی کورد.
٢- خاوەنی شاکاری (زۆربای یۆنانیە) (پ).
٣- کچـــە گۆرانیبێژێکـــی کـــوردە- ناوێکـــی کوڕانە- بینی (پ).
٤- دوو پیتی دایە- جۆرە ئوتۆمبێلێکە (پ)- گزۆز (ت).
٥- دراوێکە (پ)- ڕۆژێکی هەفتەیە.
٦-دووپیتی Eیە- جێگای شت هەڵگرتن (پ).
٧- شارێکە لە سعودیە (پ)- مەی (ت).
٨- پیتێکی مۆســـیقایە- ناوی یەکەمی گۆرانیبێژێکی کوردە- بەش.
٩- جۆرە تەلەفزیۆنێکە (پ)- بیرەوەری (ت)- نیوەی دارا.
١٠-یاریزانێکـــی تۆپـــی ســـەبەتەی چینیـــە- جـــۆرە بارهەڵگرێکە.
١١- چیایەکی کوردستانە (پ)- کارتۆنێکی منداڵانە.
١٢- شارێکە لە ئەڵمانیا (پ)- ئازایە.